زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر

Salahaddin University – Erbil

# جۆرەکانی ڕەگەزدۆزی لە شعرەکانی کوردی

## پرۆژەی دەرچوون

ئەم توێژینەوەیە پێشکەش بە سەرۆکایەتی بەشی (زمانی کوردی) کۆلێژی زمان کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی وەرگرتن بۆ بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بواری (زمان و ئەدەبی کوردی)دا

ئامادەکراوە لەلایەن:

**ڕەیان عثمان حمە**

بەسەرپەرشتی:

**د.نسرین ڕەئوف سمایل**

٢٠٢٣- ٢٠٢٤

**پێشکەشە بە :**

١-بە دایک و باوکی خۆشەویستم  و براکانم

٢-هاوپۆلەکانم

٣-هەموو فێرخوازو زانست زان و ئەدەب دۆستان

**ناوەڕۆک**

**بابەت** **لاپەڕە**


پێشەکی ........................................................................................................٤

تەوەرەی یەکەم ...............................................................................................٥

لەبارەی ڕەوانبێژی ..........................................................................................٥

لقەکانی ڕەوانبێژی.........................................................................................٦

- ڕەوانبێژی.......................................................................................................٥

-واتاناسی.........................................................................................................٧

-جوانکاری........................................................................................................٧

-ڕونبێژی .........................................................................................................٨

واتا ناسی .........................................................................................................٩

بەشی دووەم/ ڕەگەزدۆزی لە شعرەکانی(کوردیدا)..........................................................١١

-ڕەگەزدۆزی تەواو...........................................................................................١١

-ڕەگەزدۆزی ناتەواو.........................................................................................١٢

-ڕەگەزدۆزی جودا............................................................................................١٣

-ڕەگەزدۆزی کەرتی..........................................................................................١٤

-ڕەگەزدۆزی زیادە............................................................................................١٤

-ڕەگەزدۆزی هاوکێشەیی...................................................................................١٥

-ڕەگەزدۆزی پێچەوانە.........................................................................................١٦

-ئەنجام.............................................................................................................١٧

لیستی سەرچاوەکان...........................................................................................١٨

## پێشەکی:

نازانم بە چ زمانێک سوپاسی ئەو خوایە بکەم کە توانیم بگەم بەو ئاستەی خوێندن ئەمە لە فەزڵی خوایەو دواتر دایک و باوکم کە بە ڕەنجو ماندووبونی ئەوان گەیشتم بەو ڕۆژە ، من لە سەرەتادا ئەو حەزەم نەبوو کە لە بەشی کوردی کۆلێژی زمان بخوێنم ، بەڵام بە تێپەڕوبوونی کات حەزم بۆ ئەو بەشە زیادی کردوو بەرە بەرە زیاتر زیاتر لەگەڵ جۆری وانەکان ڕاهاتم و تێکەڵاوی ناو جیهانی شاعیران و نوسەرانی کورد بومەوە بوە هۆی ئەوەی کۆمەڵیکیان بناسم و زیاتر ئاشنایان بم لە نزیکەوە وەک لە شاعیران :(نالی ، مەحوی ، عبدالله بەشێو ، حاجی قادری کۆیی ، پیرەمێرد ، گۆران ، مەولەوی .....هتد).وە هەروەها کۆمەڵێک لە نوسەران وەک ( عزیز گەردی و علاءالدین سجادی و د.ئەورەحمانی حاجی مارف ، د.مارف خەزنەدار......هتد)

خۆم بە خۆشحال دەزانم کەوا لە بەشێکی وا خوێندم و کە خزمەت بە زمان و ئەدەبی نیشتیمانەکەم دەکات ، بە هۆی ئەمەوە بتوانم لە داهاتوودا ئەگەر بە تۆسقالێکیش بێت سودێکم هەبێت بۆ نیشتیمانە جوانەکەم بتوانم وەک ئەو کەڵە پیاوانە گۆڕانکاریەک یان داهێنانێک لە ئەدەب و زمانی کوردی دابکەم

## تەوەرەی یەکەم:ڕەوانبێژی

ڕەوانبێژی زۆر بۆچوونی جۆراو جۆر لەم بارەیەوە هەیە گرنگترینیان ئەوەیە کە ڕەوانبێژی دەبێت مان و مەبەست بە وشەی ڕەوان بو گونجاو بێت ، کاریگەر بێت لەگەڵ بارودۆخی گوێگرو هەڵوێستی ئاخاوتن بگونجێت ، بۆ ئەوەی لایەنی هەست و سۆزی خوێنەر بروژێنێت و قەناعەت بە ناوەڕۆکی ئاخاوتنەکە بێنێت

(گەردی ، ٢٠٠٢ ، لا٦٢)

((پیویستە نووسەر وشەی گونجاو لە بارەی دارشتنەوەی ڕستەو ڕەوانبێژی ئاوخاوتنەکە دێتە دی و هەر گوزارشت و دەربڕینێک بە شێوەی ڕەوانبێژی بێت دەبێت دارشتنێکی وشەی پاراو ڕون بێت ئاشکر بێت ئالۆزی تێدا نەبێت و لەسەر زمان خۆش بێت ، وەپاک بێت هەڵەی رێزمانی نەبێت و وشەکان زیندوو بن و لەو وشانە نەبن کە لەلای خەڵکی ئاشنان ،زۆر وشە هەیە لە شوێنیک جوان و شایستەیە ، بەڵام بە کارهێنانی لە شوێنێکی تربە ناشیرن و ناڕوان دادەنرێت و دەبێتە جێی سەرنج و نیشانەی ڕەخنەگران ))

(گەردی ، ٢٠١٣ ، لا١١)

((هەروەها زۆرێک لە بارەی ڕەوانبێژی دواون ، زۆرێکیان گوتویانە بریتیە لە درێژ بڕیەکی بێ زیادە کورتبڕی بێ کەمی ، کەچی (جاحز)پێچەوانەی ئەوانە گوتویەتی((بریتیە لە پێکانی واتا و خستنەڕووی مەبەست بە بێ زیادە و کورت کردنەوە هەشە تەنیا کورتبڕی بە جوانی دیووە(هاڕونە ڕەشید)

گوتەیەتی :((ڕەوانبێژی دورکەوتنەوەیە لە درێژبڕی و نزیک بونەوەیە لە مەبەست و واتا بە وشەی کەم و واتای زۆر))

((بۆ ئەوەی بزانین کورد چۆن تەماشا ی کردووە و ئامۆژگاری کوڕەکی دەکردو دەیوت ((ڕۆڵە قسە بیگێژە ، بیبێژە ، بیوێژە))واتە ڕۆڵە! ئەگەر ویستت قسە بکەی لە پێشدا وەکو چۆن گەنم!

ئەکەن بەسـەرندا ئەیگێـڕن و لە پاشـان ئەیـکەن بە بێژەنـگ و ئەیبێـژن ئەو کـاتە پوخـت دەبیـت و کەڵکی ئەوەی دەبێت لە ئاش بکرێ بە ئارد ، ڕۆڵە !قسەی تۆش با لەم چەشنە بێت ، پێش ئەوەی قسە بکرێ ، لێی وردبەرەوەو لە هەڵەو چەوتی لە شتی زیادەو ناڕەسـەن پاکی بکەوە تا پوخت دەبێت و گونجاو دەبێت دەربرێت لەو ئامۆژگاریە بە نرخە وا دەردەکەوێت کە کورد حەزی بە قسەی پڕو پوچ نەکردوەو ناکات .

ڕەوانبێژی ڕاستەقینەش وای دەوێت))

(گەردی ، ١٩٧٢ ، لا ١٤)

بە بۆچونی من ڕەوانبێژی بریتیە لە لایەنێکی جوانی کە بە شعر دەبەخشێت وە سەرنجی خوێنەر بە لای خۆیدا ڕادەکێشێت و خوینەر بێزار نابێت لە خوێندنەوەی لەڕوی واتاوە ڕون و ئاشکرا بێ و وەلایەن و شێوازی جوانی پێوە دیار بێ و خوێنەر ئارەزوی خوێندنەوەی هەبێ بۆی .

**لقەکانی ڕەوانبێژی**

ڕەوانبێژی دەکرێت بە سێ بەشەوە:

هەر بە شێکیش بابەتی تایبەت بە خۆی هەیەو هەریەک لەم سێ بە شانە چەند پێشیەکی جوان و قەشەنگ دەگرێتەوە

١- **ڕەوانبێــژی** :لێکچوانــدن و خــوازەو خواســتن و درکە دەگــرێتەوە ، کە ئەمــانەش ئەدەب و دەستکردنی سۆزن جا ڕەوانبێژی ئەوەمان لۆ ڕون دەکاتەوە نوسـەر یاخود هونەر تاچ ڕادەیەک توانیویەتی لەم بەرهەمە سەرکەوتووبێت؟(ئەو پیشـەی دەسـتی بۆ بردووە تەڕو پڕ دەچێتە دڵی خوێنەرەوە ؟

(گەردی ، ١٩٧٢ ، لا ١١)

ئایا خاوەن زەوقێکی ئەدەبی نەرمو ناسکە یان نا؟!))

((ئەم زانستە لەوە دەکۆڵێتەوە چۆن یەک مانا بەڕێگەی جیا جیا دەبرێت ، مەبەست یەک مانا (سەخاوەتی ، پیاوەتی.......)

دەشێت بە شێوازی جۆرا جۆر باس بکرێت کە نوسەر یان قسەکەر کامەی بە لاوە باشترە و بێ ئەوەی هەڵدەبژێرێت

بۆ ئەوەیب بەو پەڕی بەهێزی و کاریگەریەوە  ئەوەی دەیەوێت بیگەیەنێت بە هۆی لێکچواندن یان خواستن یاخوازە یا درکە باس لەو سیفەتانە بکات .

(گەردی ، ٢٠٠٢ ، لا ٦)

**٢- جوانکاری** :جوانکاریش دوو جۆرە ڕازاندنەوەی وشەو ڕازاندنەوەی گوزارە بایەخ بە جوانی و وشەو شێواز دەدات لە جوانی واتا دەکۆڵێتەوەکە سەیری پارچەیەکی ئەدەبی دەکات لایەنی جوانی دەدۆزێتەوە و ، ئایا جوانی نوسینەکە  سەرچاوەی بۆ کوێ دەچێتەوە ؟!

ئایا ئەم وشانە هاتوون هەریەکە لە نوسینی  خۆی هاتوون پڕ بە مانای پێستی خۆیەتی ؟!

ئایا گوزارە  بەسەر وشکەکاندا زاڵە ؟!))

(گەردی  ، ١٩٧ ٢ ،لا١٢)

((جوانکاری قسەی ئاسایی لە قسەی جوان جیا دەکاتەوە و کە پێشانی دەدات لە چی و بە هۆی چیەوە  وەلە کوێوە قسەکە جوان بوە بە گشتی دوو جۆرە  جۆریکیان بایەخ بە جوانی وشەو شێواز دەدات جۆرێکی دیکە لە جوانی واتا دەکۆڵێتەوە ))

(گەردی  ، ٢٠٠٢ ، لا٧)

**٣- واتا ناسی**: ڕوو دەکاتە ناوەڕۆک و واتای پارچەیەک ،  ئایا ئەو گوزارەی خراوەتە ڕوو توندو تیژە یان بەکوڵ و بەڵگە؟!

ئایا مەبەست و خواستی نوسەر بەرزە یان نزمە ؟!

ئایا گوزارەکان شایەنی ئەو وشانەن کە دەریان بڕیوە؟!

ئایا ئەو بیرەی دەربیبڕیوە پەسەندە یا گەندە))

(گەردی ، ١٩٢٧ ، لا ١٣)

((واتا ناسی بایەخ بە گونجانی ئاخاوتن دەدات لەگەڵ هەڵوێستی باردودۆخی ئاخاوتنەکە ، واتا ئەو کەسەی قسەی بۆ دەکرێت لەگەڵ هەل و مەرجی ئاخاوتنەکە چی دەخوازێت بۆیە قسەکەر دەبێت ئەوە پێشکەش بکات کە دەگونجێت))

(گەردی ، ٢٠٠٢ ، لا ٧)

**ڕەونبێژی**

لە ڕوی وشەییەوە ((ڕونبێژی وشەیەکی لێکدراوە ڕوون سیفەتی (ئاو)واتا پاک و بێگەر بێ هیچ پیسیەک .بێژ ئەمەش پیکهاتووە لە چاوگی (بێژین )بەسەر یەکەوە ڕونبێژی (ی)کە دروستکەری ناوی واتاییە کە لە ڕوی واتاوە ڕونبێژی ڕوون و ئاشکرا بێ و بێ گرفت و بێ ئاڵۆزیە))

(مستەفا ، ٢٠١١ ، لا ١٣)

((ڕونبێژی زانستێکە دامەزراوە لەسەر چەند بنەمایەک بۆ درکاندنی تاکە مانایەک لە ڕێگەی جیاوازو جۆراو جۆر کە تێیدا هەندێکیان ڕونن و هەندێکیان زۆر ڕونن))

ئەم پێناسە کە دەڵێت زانستێکە دامەزراوە لە سەر چەند بنەمایەک مەبەست لە و بنچینەوە بنەمایانە کە بۆ ئاشکرابوونی تاکەو واتایەک بە چەند شێوازێکی جیا بەکاردێت ، وەکاتێک دەبێت هەندێکیان ڕوون و هەندێکیان زۆر ڕونن مەبەست لەوە نیە کە بلێت هەندێکیان شاراوە بن ، چونکە شاراوە ی مانا نادات بەدەستەوە ))

(گەردی ، ٢٠١٣ ، لا١١٨)

که واته به بۆچونی من ڕەوانبێژی بریتیە لەوەی کە بە تاکە وشەیەک چەن ماناو بە ڕێگای جیا جیا دەردەبرێت واتە زیاتر لە واتایەک لە خۆ بگرێت کە نوسەر کامەی گونجاوترە لە شعرەکانی بە کاردێنێت وە بەرهەمەکانی پێ دەوەلەمەند دەکات

- بنەماکانی ڕونبێژی بە پێی کۆزمانەوانان چوارن لەوانە دوویان خودینە بریتیە لە خوازەو درکە ، یەکێکیان هۆکارەکە لێکچواندنە ، کەکێکیان بە شێکە لە بنەڕەتەکە خواستنە.

باسی یەکەم لێکچواندنە(تشبیه)

باسی دووەم خوازی (المجار)

باسی سێیەم درکە (السکنایە)

**واتا ناسی**

واتا ناسی لە ڕوی وشەییەوە وشەیەکی لێکدراوە لە ( واتا )و ( ناسی)پێکهاتوە کە هەردوکیان مەسەلەی تێکەیشتن و شارەزابوون و ناسینی واتا دەگەیەنێت.

(مستەفا ، ٢٠١١ ، لا ٢٣)

(( واتا ناسی یەکێکە لە سێ بەشە سەرەکیەکانی ڕەوانبێژی ئەم زانستە لە پەیوەندی وشەو مانا دەکۆڵێتەوە .باس دەکات قسە و نوسین دەبێت لەگەڵ بارودۆخی گوێگرو خوێنەرو هەڵوێستی گشتی ئاخاوتن بکەوێت بۆ ئەوەی بەرهەمەکە ڕوان بێ و قسەکەر توشی هەڵەی گەیاندنی مانا نەبێت لە هەمان کاتدا لەو ماناو لاوەکی و خوازیانە دەکۆڵێتەوە کە لەگەڵ مانای دروست و فەرهەنگی وشەکان مانا ڕاستەکە تەواو دەکەن کە هەڵوێستی بەکارهێنان دەیان سەپێنێت ))

(گەردی ، ٢٠٠٢ ، لا ١٥٣)

واتا ناسی زانستێکی دامەزراوە لە سەر چەند بنەمایەک بۆ ناسینی قسەو گوزارشت لە بارەی

ڕەوانـی و دەربـڕین بە پێـی پێویسـتی  شـوێن و ئاسـتی کەسـی بـۆ دەربـڕاو دەبیـت دەربڕینـی گوزارشـت بە پێـی بـاری پێویسـتی شـوێن و گـوێگر بێت بە وشـەی ڕەوان و پـاراو بێت مانـا بە شێوەیەکی جوان و لەبار بێ لە بۆ وشەکانی توابێتەوە دەربڕینیش کەم بە م شێوەیە بۆ سیفەتی هونەری ڕەوانبێژی دەردەکەوێت کە شیاوی ئەوەیە وسفی بە ڕون و ڕەوان بکرێت

(گەردی ، ٢٠١٣،لا١٧)

کەواتە بە بۆچوونی من واتا ناسی زانستێکە کە واتای وشـەکان ورد دەبێتەوە و واتاکانیایـان لێک دەداتەوە

ناسینی واتا لە خۆ دەگرێت وە مانای وشەکان لێک دەداتەوە .

واتا ناسی هەروەکوو زانستەکانی دیکەی ڕەوانبێژی چەند بەش و باسێک لە خۆ دەگرێت لە وانە:-

(هەواڵ ، دارشـتن ، پێشخسـتن و دواخسـتن ، تـایبەتی ، جیـاکردنەوەو بەسـتانەوە ، یەکسـانی ، کورتبڕی ، درێژبڕی)

جوانکاری یەکێکە لەو سێ بە شەی زانستی ڕەوان بێژی کە وشـەیەکە لە ڕووی زامـانیەوە بریتیە لە دەرهێنانی شت.

هەرچـی (جوانکـاری )ـــــشە کە وەکـوو پاشـگرێکی دروسـتکردنی نـاوی واتـایی هـاتۆتە سـەر جوانکـاری ئەم کـارە جوانـانەی هەر کەسـێک لە بـوارو پسـپۆڕی خـۆی ئەنجامیـان دەدات پێـی دەوترێت جوانکاری بە ڵام جوانکاری لای کوردو عەرەب بە واتایەکی تر دێت ئەوێش ئەوەیە  کە ڕووە جوانەکانی پێ دەناسرێت دوو جۆری هەیە

(د.ئیدریس عبدالله ، ٢٠١١ ، لا ١٢)

١-جوانکاری واتایی

٢- جوانکاری وشەیی

**بەشی دووەم**

**تەوەرەی یەکەم**

جۆرەکانی ڕەگەزدۆزی دوو جۆرن:

١-ڕەگەزدۆزی تەواو

٢-ڕەگەزدۆزی ناتەواو

**١-ڕەگەزدۆزی تەواو** : بریتیە لە بوونی دوو وشە کە لە شێوەدا وەکوو یەک بن بە ڵام لە واتادا جیاواز بن

(د.ئیدریس عبدالله ، لا ١٣,١٤)

ئەمەش جوانیەکی گەورە و چێژێکی خۆش بە خوێنەر دەبەخشێت و بە شاعیریش دەبەخشێت چوونکە هەستی کردووە فەرهەنگ و وشەکانی دەوڵەمەندن

(گەردی ، ٢٠٠٢ )

شاعیر دوو وشە یان زیاتر بەکار بهێنێت شکلیان یەک بێت لە ژمارەو جۆرو ڕیزبوونی پیتەکان یەک شت بێت بە ڵام مانایان جیاواز بێت .

کەواتە بەڕای من ڕەگەزدۆزی تەواو بریتیە لە هەبوونی دوو وشە یان زیار لە دێرە شعرێک لە ڕواڵەتدا بە تەواوی وەکو یەکن بە ڵام لە ناوەڕۆک و واتادا بە تەواوی لە یەکتری جیاوازن .

<u>نمونە بۆ ڕەگەزدۆزی تەواو</u>

گەر دەبێت لوطفت ببێ و ورنەجەفا کاری مـــەکە

قەدری خەڵکی ڕاگرە قەت مەردوم ئازاری مـــەکە (مستەفا بەگی کوردی ، ل٢٣٧)

لێرەدا ڕگەزدۆزی تەواو دەبینین دوو جار وشەی مەکە هاتووە یەکەم بە واتای مەکەی پیرۆز دێت کە خەڵکی موسڵمان لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام ڕوی تێدەکەن بۆ عیبادەت و پاڕانەوە

بەڵام مەکەی دووەم بە مانای ئامۆژگاری کردن دێت کە کەسێک بە کەسێکی تر بڵێت ئەم کارە مەکە یان ئەنجامی مەدە

**٢- ڕەگەزدۆزی ناتەواو:**

بریتیە لە بوونی دوو وشە کە یەک یان زیاتر مەرجێکی(ڕەگەزدۆزی تەواو)لە دەست دەدات واتە بەشێکی گرنگی ڕەگەزدۆزیە لە دوو وشە پێک دێت کە تا ڕادەیەک لێکچواندن لە نێوانیاندا هەیە بەڵام لێکچواندنەکە تەواو نەبێت لە واتاشدا هەردوو وشەکان بە گشتی جیاوازن هەریەکەو واتای سەربەخۆی خۆی هەیە

(د.ئیدریس عبدالله مستەفا ، ٢٠١٢ ، لا ١٠٦)

(د .فرمێسک)دەڵێت : ڕەگەزدۆزی مەبەست لەم جۆرە ڕەگەزدۆزیە ئەوەیە کە ئەو وشانە دووبارە دەبنەوە بە واتای جیاواز چوار مەرجەکەی ڕەگەزدۆزی تەواوی تێدا بەدی ناکرێت.

بۆیە وشەکان لەسێ سیفەت هاوبەشن لە سێ سیفەت جیاوازن

کەواتە بە بۆچوونی من بریتیە لە دوو وشە لە دێرە شعرێکدا هەبێ کە تا ڕادەیەک نزیکی لە نێوانیانیدا هەبێت بەڵام لە یەکێک لە مەرجەکانی ڕەگەزدۆزی جیا بێت

## جۆرەکانی ڕگەزدۆزی ناتەواو

١-ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا

٢-ڕەگەزدۆزی ناتەواوی کەرتی

٣-ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد

٤-ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێشەیی

٥-ڕەگەزدۆزی ناتەواوی پیچەوانە

**١-ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا** : بریتیە لە بوونی دوو وشە کە ژمارەو ڕیز بوونی پیتەکان وەکو یەکە بەڵام لە یەکێک لە پیتەکانی لە یەکدی جیاوازبن

(د.ئیدریس عبدلله ، ٢٠١٢ ، لا١٠٦)

(د.جیهان) دەلێت : ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا ئەوەیە کە لە نێوان دوو وشە تەنها پیتێک جیاوازە گرنگ نیە بکەوێتە چ شوێنێکەوە

کەواتە بە ڕای من ڕەگەزدۆزی جودا بریتیە لە دوو وشە لێک نزیک و وەک یەک بن بەڵام پیتێکیان جیا دەکاتەوە لە یەکتر

(نامەی ماستەر ، ئەحمد ، ٢٠٠٨ ، لا١٧)

نمونە بۆ ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا

عەقل و هونەرو (هۆشە)

فەهم و بەصەڕو (گۆشە)

بێ ئەو دڵپڕ لە (جۆشە)

هەریەک لە وشەکانی (هۆشە)(گۆشە)(جۆشە) هەریەکە لە پیتەکانی(ە)(گ)(ج) لێکی جیا کردوونەتەوە کە (هۆش)بە واتای بیر دێت و (گۆش)بە واتای قولینجک دێت و (جۆش) بە واتای پەرۆش بوون دێت .

(مستەفا بەگی کوردی ساحیبقران ، ٢٠١٠ ، لا ٦٩)

**٢-ڕەگەزدۆزی نــاتەواوی کەرتــی** :ڕەگەزدۆزیەکە وشــەو کەرتەکــی لە تەک یەکبێــت کەرتەکە لە دوای وشەکە بێت کەرتی یەکەمی وشەکە لە پێش خۆی بێت (د .ئیدریس عبدالله ، لا ١٨٠)

ڕەگەزدۆزی کەرتی بریتیە لە وەی شاعیر یەکێک لەو وشانەی بە کاریان دێنێت کەرتی بکات ، دوا کەرتی لە کۆتایی نیوە دێری شعرەکە دووبارە بکاتەوە بەڵام بەو وشەو کەرتەکی لە دوای یەکدابێت کەواتە بەڕای من ڕەگەزدۆزی کەرتی بریتیە لە بوونی دوو وشە لە دێرە شعرێکدا دانەیەکیان بنوسرێت و بەڵام ئەوەی تر کەرت بکرێت و لە دوای یەکدی بێت و کە یەکەمیان تەواوکەری دووەمیانە کە دووەمیان تەواوکەری یەکەمیانە.

(د.ئیدریس عبدالله ،٢٠٠٣ ، لا٣٤)

-ئەو (سەرە) (سەر) بۆچیە دائیم پڕ لە ئەشقی یار نەبێت

ئەو (دڵە) (دڵ)بۆچیە ! هەرگیز وا لەو غەمبار نەبێت

(سەرە)وشەیەکی تەواو لەسەر داهاتووە (سەر ) کە کەرتی وشەی یەکەمە و دوای ئەو هاتوە بۆ ئەو وشەی دووەم (دڵە )لەیەکەم هاتوە و (دڵ )کەرتی وشەی یەکەمە.

(مستەفا بەگی ساحێبقران ، لا ١١٨)

**٣-ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد** :

بریتیە لەو ڕەگەزدۆزیەی کە دوو وشەکانی لە جۆرو شێوەو ڕیزبوونی پیتەکانی یەکن ، بەڵام ژمارەی پیتەکانیان ئەوەندەی یەکتر نەبن یەکیان پیتێک یان دوو پیتی لە وەی تر زیاتر بێت

(د .ئیدریس عبدالله ، ٢٠٠٣ ، لا ٣٢)

-ئەرکی عەشقی (توشی) وام (توش) نەبوە هەرگیز بۆ یەکا لازمە تەئریخەکەی بەم مەصدە کە بۆ دانرێ لێرە دا وشەی (توشی) بە پیتی (ی) ژمارەی پیتەکانی زیارە لە (توش )بە یەک پیت کە واتای ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیادە

(دیوانی مستەفا بەگی کوردی ، ساحێبقران ، لا ١٥١)

٢-بە گوێرەی ئەو شوێنەش کە یەکێک لە وشەکانی لە چاو ئەوی تریان زیاتر دەبێت کە ئەوێش دوو جۆری هەیە

-لە سەرەتای وشەدا

-لە ناوەڕاستی وشەدا

بەختی ئەو ئوستادە دەسوتێ کە دەرسی (سیحر)ی پێ وتی وا:

کە تۆی بەرادەیەک (گژ)عالەم بە مەکرو (ساحیری) هەریەک لە وشەکانی (سحری ) ساحیری ڕەگەزدۆزی ناتەواوە زیادەیەکە لە وشەی (ساحیری)پیتی (ا)زیاترە لە وشەی یەکەم و کەوتۆتە ناوەڕاستی وشەکەو لەگەڵ پیتی (ی)لە وشەی دووەم .

کەواتە بەڕای من ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیادە بریتیە لەوەی کە دوو وشە جۆرو ڕیزبوونی پیتەکان وەک یەک بێ و بەڵام ژمارەی پیتەکان جیاواز بێ یەکیان لەوی تر زیاتر بێ جا لەسەرەتا یان ناوەڕاست یان کۆتایی وشەکە بێت

**٤-ڕەگەزدۆزی هاوکێشەیی**:بریتیە لە بوونی دوو وشە ئەگەر چی زۆربەی پیتەکانیشیان لە یەک جیا بێت بە لام لەسەر یەک کێش بن

(د.ئیدریس عبدالله ، لا ٢٥)

**-ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێشەیی**: بریتیە لە بوونی دوو وشە ، کە زیاتر لە پیتێکی نە بزوێن لە یەکتری جیاوازبن بەڵام پیتە بزوێنەکانیان یەکسانن و ژمارەی پیتەکانیشیان بە قەد یەکن .

کەواتە بە ڕای من ڕەگەزدۆزی هاوکێشەیی :بریتیە لەوەی کە ژمارەی پیتەکان وەک یەکن و بەڵام شوێنی پیتەکان وەکو یەک نین بە لام دەبێت هەمان کێش و قافیەیان هەبێ و لەسەر هەمان وەزن بن

(د.ئیدریس عبدالله ، لا ١٧٨ )

نمونە بۆ ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێشە

مەگەر نالینی من هاتۆتە (گۆشی)

کەوا کردویە .تەرکی سورخ (پۆشی)

هەریەک لە وشـەکانی (گۆشـی )(پۆشـی) ڕەگەزدۆزی نـاتەواوی هاوکێشـەییە ئەگەر چـی پیتـی یەکەمیان جیایە  بەڵام لەسەر یەک کێشن

(دیوانی مستەفا بەگی کوردی  ساحێبقران ، لا ١٧٤)

**٥-ڕەگەزدۆزی ناتەواوی پێچەوانە** :

بریتیە لە هەڵگەڕانەوەی وشەیەک لە وشەکان یان بە واتایەکی تر ئەو دوو وشەیە پێچەوانەی یەک دروست دەکەن وشەی دووەمیان ریزبونی  پیتەکانی پێچەوانەی ڕیزبوونی هەمان ئەو پیتانەیە کە وشەی یەکە پێک دەهێنن کەواتە بە برِوای من ڕەگەزدۆزی ناتەواوی پێچەوانە بریتیە لە بوونی دوو وشـە کە ژمـارەو جۆری پیتەکـان وەکوو یەکبن بەڵام ڕیزبوونی پیتکەکـان جیـاواز بـن واتە پێچەوانەی یەکتر بن

(د .ئیدریس عبدالله  ، ٢٠٠٣ ، لا ٣٤)

نمونە بۆ ڕەگەزدۆزی ناتەواوی پێچەوانە

بەسە بە دڵ یاری بکە (یارا)م نەماوە (یار)(ەکەم )

مەرهەمەت کە ، بارقیبان توخودا(یاری)(مەکە)

هەریەک لە وشەکانی (مەکە)(ەکەم )ڕەگەزدۆزی پێچەوانەن هەرچەندە ژمارەو جۆری پیتەکان وەک یەکن و ڕیزبوونی پیتەکانیان جیاوازن و پێچەوانەی یەکن

**ئەنجام :**

١-بەتێکەڵ بوون لەگەڵ زانستی ڕەوانیێژی و هونەری جوانکاری بە تایبەت ڕەگەزدۆزی لە جوانکاری وشەیدا گەیشتمە ئەو ڕاستیەی کە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێرێت لە جوانکردن و ڕازاندنەوەی شعرداو مۆسیقایەکەی جون بە دەقەکە دەدات.

٢-وە هەروەها ڕۆڵی شاعیران لە ڕازاندنەوەو دەقەکانیان بەو هونەرە جوانانە.

٣-یەکێکی تر لە سودەکانی ئەم هونەرانە ئەوەیە کە چێژێکی تایبەت بە خوێنەر دەبەخشێت و وای لێ دەکای زیاترو زیاتر حەز بە خوێندنەوەی دەقەکان بکات و تێکەڵ بە هەست و سۆزی دەبێت.

**لیستی سەرچاوەکان**


١-لایەنە ڕەوانبێژیەکــان لە شــعری کلاســیکی کــوردی بە نمــونەی محمــد و حــاجی قــادری کۆیی.د.ئیدریس عبدالله مستەفا . ساڵی چاپی ٢٠١١

٢-ڕەوانبێژی عزیز گەردی .ساڵی چاپی ٢٠٠٢

٣-بەرگی یەکەمی ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردید عزیز گەردی.ساڵی چاپی ١٩٧٢

٤-بەهاری ڕەوانبێژی موحیسن احمد مستەفا گەردی .سالێ چاپی ٢٠١٣

٥-جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا .د .ئیدریس عبدالله.ساڵی چاپی ٢٠٠٣

٦-شێواز .د.ئیدریس عبدالله.ساڵی چاپی ٢٠١٢

٧-هونەرەکانی ڕەوانبێژی کوردی بە نمونەو وتارەکانی مامۆستا سید ئەحمد ، د.ئیدریس عبدالله

٨-جوانکاری شعری کلاسیکی کوردی ، د.ئیدریس عبدالله

٩-دیوانی کوردی مستەفا بەگی کوردی ساحێبقران بەرگی یەکەم ٢٠١٠


**نامەی ماستەر**


١٠-فرمێسک موصلیح صمد ٢٠١٥ ، مۆسیقای شعر لە شعرەکانی وەفاییدا

١١-جیهان عبدالوهاب ئەحمەد .٢٠١٩.ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا بە نمونە شعرەکانی ( پیرەمێرد )و(ئەحمد کۆیی)